وشەیەکت ووت ئەگەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئاوی دەریادا ئەوا پیسی دەکات!

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-: بەسە بۆت سەبارەت بە سەفیە ئاوا وئاوایە (یەکێك لە گێڕەرەوەکان دەڵێت: واتا باڵای کورتە)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وشەیەکت ووت ئەگەر تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ئاوی دەریادا ئەوا پیسی دەکات!»، (عائیشە) دەڵێت: جارێکیان لاسایی مرۆڤێکم کردەوە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «حەز بەوە ناکەم لاسایی مرۆڤێک بکەمەوە ئەگەرچیش ئەوەندە وئەوەندەم پێ بدرێت (لە پارە وسامان)».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم-: بەسە بۆت سەبارەت بە سەفیە (واتا سەفیەی دایکی ئیمانداران -ڕەزای خوای لێبێت-) کە لە کەموکورتیە لاشەییەکانی ئەوەیە باڵای کورتە، ئەویش فەرمووی: وشەیەکت وت ئەگەر لە گەڵ ئاوی دەریا تێکەڵ بکرێت بەسەریدا زاڵ دەبێت وڕەنگەکەی دەگۆڕێت وخراپی دەکات، وعائیشە دەڵێت: لاسایی کردەوەی مرۆڤێکم کردەوە بۆ دەرخستنی کەموکورتی وعەیبی، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پێم خۆش نییە باسی عەیب وکەموکورتی هیچ کەسێك بکەم، یان لاسایی بکەمەوە، یان وەکو کردەوەی کەسێك بکەم یان وەکو قسەی ئەو بڵێم لە ڕوانگەی دەرخستنی کەموکورتی وعەیبی؛ ئەگەرچیش مووڵکێکی زۆرم پێبدرێت لە دونیا لەسەر ئەم کارە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3705